


# بە چاویلکەی جیاواز لە ژیان دەڕوانین

بەشی دووەم و کۆتایی

ها. شەهاب



نەمدەویست کەس لە کێشەی نێوانمان و تۆرانی هاوسەرەکەم ئاگادار بکرێتەوە، لەوباوەڕەشدانەبووم کە ئەو هەواڵە وا بەزوویی بڵاو بێتەوە، کەچی تەنیا یەک کاتژمێر دوای تۆرانی ئەو، دایکم تەلەفۆنی بۆ کردم، ئێمە خەریکی قسەکردن بووین کە یەکێ لە خوشکەکانم لە دەرگەی دا. ئەو بۆئەوە هاتبوو لە لامان بمێنێتەوەو مناڵەکانم بۆ بەخێو بکات.

ڕاستیەکەی من نەمدەویست بارگرانی بەسەر دیترانەوە دروست بکەم،حەزم دەکرد ماوەیەک مۆڵەتی کارکردن وەربگرم و لەلای کچەکانم بمێنمەوە، بەڵام خوشکەکەم شێلگیرانە حەزەکەی ڕەت کردمەوە. ڕۆژی دواتر بە نابەدڵیەوە بەرەو فەرمانگە ڕۆیشتم. هێشتا چەند کاتژمێر لە دەوامی ئەو ڕۆژە تێپەڕ نەببوو کە بەڕێوەبەرەکەمان بانگی کردم، من وامزانی لە پێوەندی ڕووداوەکەی ڕۆژی پێشتر دەدوێ، کەچی ئەو بە زمانێکی براگەورانە ڕێزی لێگرتم، دەیویست لە زاری منەوە تۆرانی هاوسەرەکەم بزانێ، من خۆم لە هێڵی سی و شەش دەدا، بەسەر خۆم نەدەهێناو ڕاستیەکانم دەشاردنەوە، ئەو پێیراگەیاندم کە هاوسەرەکەم تەلەفۆنی بۆ کردووەو داوای لێکردووە کە ئامۆژگاریم بکات و ڕەفتاری وا دووپات نەکەمەوە. من سەرم لەوە سورمابوو کە بۆچی دەبێ بەڕێوەبەرو کەسانی دیکە لە کێشەی نێوان ژن و مێردێک ئاگادار بکرێنەوە؟! خێزانەکان گرفت و کێشەیان هەیە، پێویست بەوە ناکات دیترانیان لێ ئاگادار بکرێنەوە، کورد دەڵێ: شەڕی نێوان ژن و مێرد دوو هەنگاوە و لەگەڵ خۆرئاوابووندا تەواو دەبێ.

وەک دەڵێن سەرەتای تۆران ئاسان و کۆتاییەکەی ناخۆشە، پێوەندی ئێمەش لە تۆرانەوە ئاڵۆزکا. کاتێ زانیم لە ماوەی کەمتر لە بیست سەعات زۆربەی خزم و ئاشنایان پێیانزانیوە، داخبارتربووم، بڕیارمدا کە هەرگیز بە دوای دا نەچم، بەڵام دابونەریتی کوردەواری ئەوەیە کە ژن دەتۆرێ و پیاو دەبێ بەدوایدا بچێ و بیهێنێتەوە. دایکم و خوشکەکانم وێڕای ئەوەی خۆشیان لە هاوسەرەکەم نەدەهات، بەڵام داوایان لێدەکردم کە بچم و ئاشتی بکەمەوە، کێشەکەش هی ئەوە نەبوو کە بەیەکجاری لەیەکتر دابڕێین، هەر دەبووایە ئاشت بینەوە، سەرەنجام دایکم چوو بە دوای و هێنایەوە.

دەبووایە وانەی نوێی لەو تۆرانە فێربین، بەڵام وانەبوو، ئەو پێیوابوو من نەمتوانیوە منداڵەکانم بەخێو بکەم، دایکم و خوشکەکانیشم هاوکارییان نەکردووم، بۆیە پەشیمان بوومەتەوە، دایکم ڕاپێچاوە تا بچێ لێی بپاڕێتەوەو بیهێنێتەوە. من هێندە باوەڕم بە ڕق هەڵگرتن و تۆڵەکردنەوە نەبووەو نیە، حەزیشم نەدەکرد ڕاستی پێداگرتنی دایکمی بۆ بگێڕمەوە. ئەو گومانی لەدایکم و خوشکەکانم هەبوو کە منیان هانداوە تا دەستی لێبەرز بکەمەوە و بیتۆرێنم. بۆیە پێویستی بەوە نەدەکرد کە باسی چۆنیەتی هێنانەوەی بۆ بگێڕمەوە. جارێکیان بۆ ڕەتکردنەوەی نازکردن و لاف لێدانی ئەو، ناچاربووم کە بڵێم: " ژنەکە! مادام هاوسەرێتی یەکتریمان هەڵبژاردووە، منداڵمان هەیە، دەبێ لەیەکتریش قەبوڵ بکەین"

ڕۆژی دوای ڕۆژ لە جیاتی برینەکانی ئەو دەستبەرزکردنەوەیەی من و تۆرانەکەی ئەو سارێژ ببن، کەچی ئەو کردبووی بە کێشەی کراسەکەی عوسمان و بەردەوام بەچاوی دادەدامەوە. ئەگەر لە کچەکان توورە دەبوو، خۆی تێنەدەگەیاندن و خۆراکی پێنەدەدان، لە ژێر لێوانەوە دەیپرماند: " ئێوەش کچی ئەو باوکەن، بێوەفان، ڕۆژێک دادێ دەستم لێبەرز بکەنەوە! ئیتر لە پای چی خزمەتتان بکەم و گەورەتان بکەم!

من کە گوێم لەو توانجانەی هاوسەرەکەم دەبوو کە لە کچەکانی دەدا، نیگەران و داخبار دەبووم. بۆ شاردنەوەی نیگەرانی و خەمەکانی خۆم سەری گۆڵەی قسەکانم بەرەو شوێنێکی دیکە هەڵدەدا، نوکتەو قسەی خۆشم بۆ دەگێڕایەوەو دەمویست بەرەو پێکەنینی ڕابکێشم، بەڵام زێدەڕۆییم نەکردووە ئەگەر بڵێم ئەو لە سەرکردەیەکی سەربازی سەختگیر دەچوو، حەزی لە توورەکردنی من دەکردو بە دوای تۆڵەکردنەوەی زیاتردا دەگەڕا.

ئێمە هەردووکمان خۆمان بە خوێندەوارو ڕۆشنبیر دەزانی،بەڵام نەماندەزانی ڕووناکبیرانە ڕووبەڕووی کێشەکان ببینەوەو چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. گۆماوی کێشەکانمان لەبەر جیاوازی ڕوانینمان بۆ ژیان، گەورەو قوڵتر دەبۆوە. جیاوازیەکان ڕاشکاوانەتر خۆیا دەبوون و بەیەکتردا هەڵدەشاخان. من خۆم بە ڕاست و ئەویش خۆی بەڕاست تر دەزانی. ئەو بەوەندە وازی نەدەهێنا کە دەڵێ : " هی خۆت بۆ خۆت، هی خۆم بۆ خۆم" ئەو دەیویست ئەوانەی خۆم فرێ بدەم و بە چاویلکەی ئەو لە ژیان بڕوانم. ئەگەر واشم بکرابایە، دەبوایە هاتوچۆی خزمان نەکەم، بەدیار فیلمی عەرەبی و تورکی دابنیشم و زەمی ئاشناو ناسیاوانم بکردابایە، ئەوانەش بە من نەدەکران.

هیچ لەوە ناخۆشتر نیە کە هاوسەرو هاوکار وبرادەرانت خۆیان لە تۆ و لە بنەماڵەکەت بە گەورەتر بزانن. هاوسەرەکەم بەردەوام بە بڕوانامەو دەوڵەمەندیتی ماڵە باوانی دەنازی. من دەمزانی کە تێگەیشتوویی و ڕۆشنبیری و لێزانی بە پارەو سامان نیە، بۆیە دەمویست بە جووتە بیر لە داهاتووی خۆمان و منداڵەکانمان بکەینەوە، ئەو دەیویست منداڵەکان خزمەکانی من نەناسن. ئەو حەزی نەدەکرد ڕەفتاری دایکم و خوشکەکانم هەڵبگرن، ئەو بێزاری لە هەژاران و کەمدەرامەتان دەکرد، هەوڵی دەدا منداڵەکانیشی هەژارەکانیان خۆش نەوێت. بەوشێوەیەش دیوارێکی ئەستوور لە نێوانمان بەرز دەبۆوە.

هێشتا دوو کچەکەمان گەورە نەکردبوو، بە بیانۆی نەبوونی کوڕەوە هەوڵی دروستکردنی منداڵێکی دیکەشی دا. ئیتر باوەشمان بۆ خێزانێکی ٥ کەسی کردەوە. دوای سەردانی دەیان دکتۆر و پشکنینی سۆنەر بۆی ئاشکرابوو کە دەبێ بە دایکی کوڕێک. لە خۆشیانا نەیدەزانی چی بکات. هەر ئاگای لە کچەکان نەمابوو. من زۆرم لاسەیر بوو ، من بیستبووم کە پیاوان حەزیان لە کوڕە، کەچی بیرکردنەوەی هاوسەرەکەی من لە بیرکردنەوەی سەرۆکی خێڵ و هۆزێک دەچوو، بەچاوی جیاواز لە کوڕو کچی دەڕوانی. ئەو دەیگوت: " دایک لەژێر سێبەری کوڕ دەحەسێتەوە، بەڵام کچ شوو دەکات و دایکی لە بیر دەکات!

دایک و باوکی سێ منداڵی چاوگەش بووین. کچەکان زۆر بە تاسەوە یاریان لەگەڵ براکەیاندا دەکرد، خۆشیان دەویست و بەدەوریدا دەسوڕانەوە، بەڵام دایکیان خیسەی لە کچەکان دەکرد، نەیدەهێشت لەباوەشی بگرن، دڵی دەشکاندن و هەناسەساردی دەکردن. بۆ ئەوەی کچەکان هەست بە جیاوازی و بێسۆزی نەکەن، بەناچارییەوە زیاتر هاوسۆزیم لەگەڵدا دەنواندن. بە گاڵتەوە پێمدەگوتن: " با دایە بۆ براکەتان بێ، بابەش بۆ ئێوە!"

هاوسەرەکەم لەبەرچاوی کچەکانەوە بەشێوەیەکی ئەوتۆ کوڕەکەی لە باوەش دەگرت و ماچی دەکرد کە ئێرەیی لای ئەوان دروست دەکرد. بەوهۆیەوە ئەگەر من لە ماڵ نەبام، کچەکان هەستیان بە بێکەسی و خەمباری دەکرد. ئەمەش دیواری لەنێوان دایک و کچ هەڵدەچنی. هەرکاتێ دەگەڕامەوە ماڵ، کچەکان بە تاسەوە بەپیرمەوە دەهاتن، خۆیان بۆ باوەشم دەهاویشت . ئەوان گەورە ببوون، خۆشیان لە دیاری وەردەگرت، بۆیە بەردەوام دیاریم بۆ دەبردنەوە.هاوسەرەکەم خۆشی لەو ڕەفتارەشم نەدەهات. ئەو پێیوابوو کە دەبێ کچەکان فرێ بدەم و کوڕەکەم لە باوەش بگرم.ئەمەش یەکێ لە سەربارەکانی جیاوازیەکانی نێوانمان بوو.

ڕۆژێکیان دایکم سەردانی کردین، جووتێ بوکەڵەی بۆ کچەکان هێنابوو، ئەوانیش خۆیان دەباوەشی هاویشت و سویاسیان کرد، هاوسەرەکەم وەکو فیشەکە شێتە تەقیوەوەو بە ئاسمانا چوو، لە جیاتی بەخێرهاتنی خەسووی بکات، بە تەوسەوە پێیگوت: " چونکە شێوەیان لە خۆتان دەچێ، تەنیا ئەوانتان خۆش دەوێ و دیاری بۆ ئەوان دەهێنن، بەڵام کوڕەکەم چونکە لە برای من دەچێ، ئێوە خۆشتان ناوێ !"

دایکم هەزاران سوێندی بۆ خوارد کە ئەو جیاوازی لە نێوانیاندا ناکات و هەرسێکیان وەکو یەک خۆشدەوێ، کەچی هاوسەرەکەم نەهێنانی دیاری کردبوو بە دیاری و نەیدەبریەوە، سەرەنجام دایکم تورەبوو ڕۆیشت.

سووکایەتیکردن بە دایکم جێگەی پەسندکردن نەبوو، خۆم زۆر لە دایکم پاڕامەوە، هەوڵمدا نەڕوات، بێسوود بوو. ئیتر داوام لە هاوسەرەکەم کرد کە بچێ و بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەویش لێمچووە سەر کەلی شەیتان و نەهاتە خوارێ. لەجیاتی بچێ داوای بووردن لە دایکم بکات، کەچی سوێندی خوارد کە هەتا ماوە قسەی دەگەڵدا ناکات. دیسانەوە تورە بووم. قسەیەک لەمن قسەیەک لەو، شەڕ هەڵایسا. ئەوجارەشیان دەستم لێبەرز کردەوە. دیسانەوە تۆرا.

ئەوجارەیان هەم دایکم لێم ڕەنجابوو، هەم هاوسەرەکەشم تۆرابوو. نەمدەزانی کام ڕێگە هەڵبژێرم! ئەگەر بە دوای هاوسەرەکەمدا دەچووم، ڕق ئەستوور تر دەبوو، دەترسام لەبەردەمی دایکی و براکانیدا سوکایەتیم پێبکات، ئەگەر بەدوای دایکم دادەچووم، دیسانەوە هاوسەرەکەم تورەتر دەبوو. سەرەنجام مۆڵەتی یەک مانگیم وەرگرت و بە تەنیا بە دیار کچەکانەوە دانیشتم. بیرم دەکردەوە، دەمزانی بەو شێوەیە ناگوزەرێ، هەموو ڕێگەکان بەرو دابڕان دەڕۆیشتن.

ڕۆژێکیان تەبلیغی دادگەم بۆ هات. هاوسەرەکەم داوای جیابوونەوەی کردبوو. هەم جێگەی سەرسوڕمان بوو کە لەسەر سووکە کێشەیەک و تەنیا یەک دەست بەرزکردنەوە بچینە دادگە و بڕیاری جیابوونەوە بدەین، هەم جێگەی ئارامی بوو کە ڕێگەکانمان لە یەکتری جیابێتەوەو مافی ئەوەشمان هەبێ کە ئازادانە بە چاویلکەی خۆمانەوە لە ژیان بڕوانین.

من نە پارێزەرم گرتبوو نە خۆشم بۆ دادگەییکردن ئامادەکردبوو،کەچی ئەو تەیارو ئامادەبوو، چەند پارێزەرێکی باشی گرتبوو. ئەو داوای دەکرد کە گوایە من هەشتا میسقاڵ ئاڵتوونم لێفرۆشتووەو خانووم پێکڕیوە. بۆ ئەم مەبەستە دوو شاهیدی هێنابوو، لەبەرچاوی منەوە سوێندی درۆیان خوارد و ڕایانگەیاند کە ئەوان ئاگایان لە فرۆشتنی ئەو ئاڵتوونانە هەبووە. دوای دەیان جار هاتوچۆ، سەرەنجام بڕیاری دادگە لە بەرژەوەندی ئەودا هاتەوە، هەم بڕیاری جیابوونەوەی وەرگرت و و کوڕەکەی پێدرا،هەم ناوماڵەکەشی برد و پارەیەکی زۆریشی لەسەر پشتی دانام.

# دەستنیشانکردنی چەند تایبەتمەندیەکی ژن

کەلسوم جەلال

ژیان بەبێ ژن بەردەوام نابێ، نەک تەنیا کەمێک ئاڵۆزە، بەڵکو هەرەس و دارمان بەرهەم دەهێنێ. لەم ڕاپۆرتەدا پیاوان چەند تایبەتمەندیەکیان دەست نیشان کردووە کە بەلایانەوە نەخوازراوە، هەروەها پیاوان پێی بێزارو نارەحەت دەبن، ڕەگەزی خۆیان وەک چەکێک بەکاردەهێنن.

کاتێ ژن لە ناکۆکی و شەڕی لەگەڵ پیاودا ڕەگەزی خۆی وەکو چەکێک بەکار دەهێنێ، بێ حەوسەڵەی و تورەبوونی پیاو زیاتر دەکات.

کاتێک پیاو لەحاڵی ژنەکەی پرسیار دەکات و پێی دەڵێ: چۆنیت؟ تەنیا چاوەڕوانی وەڵامێکی کورت دەکات، نەوەک وەڵامدانەوەیەکی یەک سەعاتی، ژن زیاتر حەزی لە قسەکردنە، هەرکە هەلی بۆ بڕەخسی ئامادەنیە بەئاسانی وازبێنێ. پیاو پێی خۆشە گوێ لەقسەی ژن بگرێ، بەڵام ئامادەنیە بۆ ماوەیەکی زۆر دانیشێ و کاتی زۆر بۆ قسەی توێکڵدارو درێژدادڕ تەرخان بکات.

ژنان حەزیان لێیە لەبەردەم دوکانی سوپەرمارکێتەکاندا بۆ ماوەیەکی زۆر بوەستن، تەنانەت لە سەیرکردنی ئەو شتانەی کە لەپشتی شووشەی دوکانی سوپەر مارکێتەکانەوە دانراوە، چێژوەردەگرن. بەمەش کاتێکی زۆرو بەبێ سوود بەفیڕۆ دەچێ، زۆر ئەرکی دیکەی سەر شانی خۆیان لەبیر دەکەن، لەمەش خراپتر ئەوەیە کە ژنان حەزیان لێیە پیاوەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەو سوپەرمارکێتانە بەرن.

لەکاتی گفتوگۆی هەر بابەتێکی هەستەوەر وهەستروژێندا لەپڕ لە پرمەی گریان دەدەن. هەندێ جار لەکاتی سەیرکردنی فیلمێکی خۆش یان تراژیدی، یان هەر شتێکی دیکە دیسانەوە فرمێسک لەچاوانیانەوە دێنە خوارێ. خراپتریش ئەوەیە کەچاوەڕوانیان لە پیاوەکانیان ئەوەبێ کە لەگەڵیاندا بگرین و فرمێسک بڕێژن. ئەگەر پیاوەکان هاوسۆزیان لەگەڵیاندا نەنواند، ئەوان وا هەست دەکەن کە تێیان ناگەن. ژنان حەز دەکەن پیاوان بەپێی ئەمان بڕۆن، بەڵام باشتروایە، یان ڕاستتر ئەوەیە کە هۆکاری گریانەکانیان و هێواش ڕۆیشتنیان بۆ پیاوەکانیان ڕوون بکەنەوە.

هیچ دیمەنێک لەوە خراپتر نیە کە ژنێک لەبەردەم پیاوەکەیدا دابنیشێ و بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات، بگری. هەرچەندە پیاوان لەئاستی گریانی ژناندا بێ ئاگانین، بەڵام بەبێ دەربڕینی هۆکارەکە لە ڕاستی تێناگەن. پیاوان ئەگەر دڵنەوایی لەگەڵ ژنەکانیشیاندا بکەن و بپرسن و بڵێن: گیانەکەم بۆ دەگری؟ کەچی دیسانەوە هەموو پیاوێک وەکو پێویست بۆ دڵدانەوەی ژنەکەی شارەزایی نیە.

ئەگەر پیاو بە ناسکی بوونەوەری ژنەکەیشی ڕازی بێ، بەڵام حەوسەڵەی بینینی فرمێسکی ئەوی نیە. پیاو ئامادەنە لەسەر هەربابەتێک کە ژنەکەی پێی خۆشە، هاوهەنگی لەگەڵدا بکات، یان هەر بابەتێک کە پێی ناخۆشە ئەویش خۆی نیگەران و دڵتەنگ بکات.

زۆرینەی ژنان حەز دەکەن کە پیاوەکانیان بەشان و باڵیان هەڵبدەن، باسی جوانی و ئادگاریان بکەن، دەستڕەنگینی و لێوەشاوەیی ئەوان دووپات بکەنەوە. ژنان چێژ لەو شێوازی دەربڕینانە وەردەگرن، دەیانەوێ بۆ خۆیان گوێیان لێبێ کە پیاوەکانیان وەسفیان دەکەن.

ژن زۆر حەز دەکات کە ئەگەر یەکێ بۆی بگێڕێتەوەو پێی بڵێ کە پیاوەکەت زۆر تۆی خۆشدەوێ و زۆر باسی چاکەی تۆی لەلای ئێمە کردووە.

ژنان بەردەوام پیاوەکانی خۆیان بەسەرچاوەی خۆشەویستی دادەنێن، تام و چێژێکی تایبەت لە پیاهەڵدانەکانی شووەکانیان وەردەگرن، بە قسە خۆشەکانیان ئاسوودەو دڵخۆش دەبن. بەڵام پیاوان ئەو ژنانەیان بەدڵە کە پێداگری لەسەر شتی ڕاست دەکەن، کەللەڕەقن و توانای ئەوەیان هەیە لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن، بەرنامەیان بۆ ژیانی داهاتوویان هەیە.

پیاوان حەز ناکەن کە ژنەکانیان پرسیارە سواوەکان دووپات بکەنەوە. لایان ناخۆشە کە بەردەوام ژنەکانیان لێیان بپرسن: ئەرێ کابرا بیر لەچی دەکەیتەوە؟ نموونەی ئەو پرسیارانە کە چەندین سەدەیە دووپات دەکرێنەوە. ئەو پرسیارانە وەکو کۆنترۆڵکردنی پیاوان پێوانە دەکرێن و ئەوانیش حەزیان پێناکەن.

پیاو پێیوایە ئەگەر ژن لەپەیوەندی و عەشقی ئەو بەرانبەر بەخۆی دڵنیابێ، ئیتر پێویست بە دووپاتکردنەوەی پرسیارەکان ناکات.

پیاوان حەز ناکەن کە ژنەکانیان زێدەڕۆی لەدەست تێوەردانی تایبەتمەندی ئەواندا بکرێ. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە ژنان زۆر حەز دەکەن بە بەردەوامی و بەبێ هۆ، بەبێ بەڵگەی نهێنیەکانی پیاوەکانیان ئاشکرا بکەن.

زۆرینەی ژنان حەز بەوە دەکەن کە ڕەفتارو کردارەکانی ڕۆژانەی پیاوەکانیان چاودێری بکەن، سیخوڕی و جاسوسیان لەسەر دابنێن، بەڵام پیاوەکان زۆر ڕقیان لەوە دەبێتەوە، بە شتێکی نەشیاو و نەخوازراو و قێزەوەنی دادەنێن. پیاوان حەز ناکەن کە ژنەکانیان دڵ پیسیان لێ بکەن، بۆ نموونە ئەگەر پیاوێک بەسەر هاتێک بگێڕێتەوەو باسی جوانی یان ئازایەتی یان لێهاتوویی ژنێک بکات، دەبینین ژنەکە لە خۆیەوە توورە دەبێ و حەز ناکات گوێ لە قسەکانی بگرێ. پیاوان ئەو ڕەفتارانە بە نەزانی و نەبوونی باوەڕ لێکدەدەنەوەو حەزیان پێناکەن. ئەگەر پیاوێک بەبێ ویستی خۆیەوە ناوی ژنێکی بەدەمیا بێ، لەوانیە ژنەکە دەیان لێکدانەوەی هەڵەو ناڕاست بکات، تووشی هەزارو یەک خەیاڵ و گومان و تێگەیشتنی هەڵەببێ. بۆ پارێزیکردن لەو قسانە زۆربەی پیاوان ناچار دەبن کە درۆ بکەن و ڕاستیەکان بشێوێنن تا ژنەکانیان دڵپیسیان لێنەکەن.

ژنان بەگشتی بەرامبەر بەهاوریێیەتی و وەفادارێتی پیاوان بەدگومانن، ئەمەش ئازار و نیگەرانی و دڵەڕاوکی بۆ پیاوان دروست دەکات.

زۆرینەی ژنان حەز دەکەن کە شووەکانیان ڕەخنە لەژنانی تر بگرن و بە کەم سەیریان بکەن. ئەمەش بێبڕوایی پەڕە پێدەدات.

دەربڕین و دووبارەکردنەوەی ڕستەی (من باشترو بەتوانا ترم لە هەموو ژنان) ، پیاوان دووچاری گومان دەکەن. داخەکەم زۆربەی کاتەکان ئەوە ژنەکانن کە خۆیان بە باشترو جوانترو ڕاستگۆتر و بەوەفاتر لەژنانی تر پیشان دەدەن، زۆربەیان ئامادەنین پێ لەهەڵەو کێماسیەکانی خۆیان بنێن، بوێری ئەوەیان تێدانیە کە دان بە ڕاستیەکان بەرانبەردا بنێن.

*بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەگۆڤاری (ڕاهی زندەگی) وەرگیراوە.